


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاوکەشەکانی کوردستان!

ئەم کاتەتان باش.

ماوەیەکە دەرگای قوتابخانەکان کراونەتەوە ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێکردووە. منداڵەکان بە گوڕ و تینەوە بەرەو قوتابخانە دەچن، بۆ ئەوەی فێری زانیاری ببن و داهاتوویەکی گەش بۆ وڵاتەکەمان دابین بکەن.

منداڵە ئازیزەکان! من لەو ڕۆژانەدا سەردانی یەکێک لە قوتابخانەکانم کرد، چەند پۆلێکی قوتابخانەم چاولێکردو دواتر لە گەڵ مامۆستاکان و بەڕێوەبەری قوتابخانە کەوتینە قسەکردن . مامۆستاکان بە گشتی لە قوتابییەکان ڕازی بوون، بەڵام لە هەڵسوکەوتی بەشێک لە منداڵەکان ڕازی نەبوون، چونکە بەڕاستی هەندێک لە منداڵەکان زۆر بەدفەڕی دەکەن و گوێ بۆ مامۆستاکان ڕاناگرن و تەنانەت پاک و خاوێنی خۆیان و قوتابخانە ناپرێزن و زیان بە کەل و پەلەکانی قوتابخانە دەگەیەنن. من بۆخۆم بەچاوی خۆم دیتم کە دیوارەکانیان نوسیبوو، تەختەڕەشەو مێزو سەندەڵیەکانیان شکاندبوو. بەڕاستی ئەو منداڵانەی کەبەو شێوە هەڵسوکەوت دەکەن بیر لەوە ناکەنەوە کە نەپاراستنی پاک و خاوێنی خۆیان و هاوڕێ کانیان تووشی نەخۆشی دەکات، بیر لەوە ناکەنەوە کە قوتابخانە شوێنێکی گشتییە و پاراستنی شوێنە گشتییەکان ئەرکی هەموومانە، قوتابخانە شوێنی پەروەردەکردنی ڕێبەران و زانایان و داهێنەرانی جیهانە. کە وابوو منداڵ ئاقڵ و ژیرەکانی کوردستان! وەرن با هەموومان بەیەکەوە پاک و خاوێنی قوتابخانەو هەموو شوێنە گشتیەکانی وڵات بپارێزین، ڕێز لە مامۆستاکانمان و هاوڕێکانمان بگرین، کەل و پەلەکانی قوتابخانە وەک کەل و پەلەکانی ماڵی خۆمان چاو لێبکەین و بیانپارێزین، بە باشی گوێ لە مامۆستاکان بگرین و هەوڵ بدەین زانیاری زیاتریان لێوە فێربین. بۆئەوەی بۆ داهاتووی وڵات بەکەلک بین و زیاتر وەڵاتمان ئاوەدان بکەین.








شەهرام نازری ساڵی ١٣٢٩ ی هەتاوی لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەردا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە و لە ژێر چاودێریی باوکی کە هەم دەنگی خۆش و هەم ژەنیارێکی بە توانای سێتاریش بووە دەست دەکات بە گۆرانی گوتن. کەشی لەباری هونەری نێو بنەماڵەی نازری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو لە تەمەنی ٩ ساڵیدا یەکەم بەرنامەی هونەری خۆی لە رادیو کرماشان بە هاورێیەتی لە گەڵ ژەنیاری بە توانای ئامێری تار نەمر «دەروێشی»دا پێشکەش بکات.

شەهرام نازری پاشان لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لە رادیو تەلەڤزیۆنی ئێران چەندین گۆرانی تۆمار دەکاو دواتر بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاریی خۆی لە سەر مۆسیقا و گۆرانی، دەچێتە لای کورە مامی خۆی «کەیخسرەو پورنازری و دەروێش نیعمەت عەلی خانی خەراباتی» و لە لای ئەوان پتر لە گەڵ مۆسیقا و گۆرانی کوردی ئاشنا دەبێت.

پاشان ساڵی ١٣٤٥ هەتاوی بۆ زیاتر بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی هونەری خۆی دەچێتە تاران و لە لای مامۆستایانی پایەبەرزی ئێرانی وەک «عەبدوڵڵاخانی دەوامی، نوورعەلی خانی برومەند، عەبدولعەلی وەزیری، ئەحمەد عیبادەتیان و جەلال زولفنوون» و... درێژە بە خوێندنی هونەری دەدات.

دواتر لە ساڵی ١٣٥٤ هەتاوی و لە سەر پێشنیاری «نوورعەلی برومەند» لە دەزگای رادیۆ تەلەڤزیۆن دادەمەزرێ و یەکەم بەرنامەی هونەری خۆی لە گەڵ تیپی هونەری «شەیدا» بە سەرپەرشتی «مەحەممەد رەزا لوتفی» پێشکەش بە ئۆگرانی دەنگی خۆی دەکات. دواتر لە ساڵی ١٣٥٥ هەتاوی لە یەکەم فیستیڤاڵی مۆ سیقا ی کلاسیک (سنتی) ئێرانی دا بە نێوی «باربود» پلەی یەکەمی ئێران بە دەست دێنێ. دواتر لە ساڵەکانی ١٣٥٧ تا ١٣٦٠ هەتاوی بە هاوکاری تیپی هونەری «شەیدا» و تیپی هونەری « چا و ش » ئە ڵبو و مە کا نی «٢،٣،٤،٧،٨» ی چاوش بەرهەم دەهێنێت و ئاوازەو ناوبانگی هونەریی سنوورەکان دەبەزێنێت و وەک یەکێک لە هەرە بە تواناترین گۆرانیبێژەکانی جیهان دەناسرێت.

پاشان لە ساڵی ١٣٦٠ تا ١٣٦٤ هەتاوی بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە کەشی نالەباری سیاسی و کەلتووریی ئێران چالاکی یە هونەری یەکانی کەم دەکاتەوەو ڕوو لە وانە وتنەوەی مۆسیقاو فێر کردنی دەزگاکانی مۆسیقا بە ئۆگرانی دونیای مۆسیقاو گۆرانی دەکات.

شەهرام نازری لە ماوەی کاری هونەری دا زیاتر لە ١٠٠ بەرهەمی هونەری خولقاندووە کە هەر هەموویان لە باشترین بەرهەمە هونەری یەکان بە ئەژمار دێن.

شەهرام نازری بێجگە لە بەرهەمە فارسی یەکانی، چەندین بەرهەمی جوانی کوردی وەک «گوڵ نیشان، پەپووسلێمانی، کابووکێ، واران وارانە، خوەم کرماشانی، مەر من چە وتم و شانامەی کوردی و...» خولقاندووە کە وەک جوانترین گۆرانی یە کوردی یەکان بە ئەژمار دێن و بوونەتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی ئاوازو مۆسیقای کوردی.

نازری ساڵی ١٣٨٠ هەتاوی هاورێ لە گەڵ «حافیز»ی کوڕی کە ژەنیارێکی بە توانایە لە فیستیڤاڵی مۆسیقای «فجر» بەشداری کردو وەک باشترین گۆرانی بێژی کلاسیک ( سنتی )ی ئێران خەڵاتی یەکەمی ئەم فیستیڤاڵەی پێ بەخشرا. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٨ زایینی لە وڵاتی مەراکێش خەڵاتی باشترین مۆسیقی عیرفانی بە دەست هێنا، دواتریش لە لایەن زانکۆی «یو.سی. ئێل. ئی» خەڵاتی ئوستورەی زیندووی پێ بەخشرا.

پاشانیش لە ساڵی ١٣٨٦ ی هەتاوی لە وڵاتی «فەرانسە» بەرزترین نیشانی کەلتووری ئەم وڵاتە بە ناوی «شوالیە»ی پێ بەخشراو، دواتریش لە لایەن «بان کی مۆن» سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە خەڵاتی تایبەتی پێ بەخشرا.

***ئا:فەرشید محەممەدی***

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



حەسودێک بە حەسودێکی دیکە دەڵێ: خۆزگە سەد سەر مەڕم بوایە.
حەسودەکەی دیکەش دەڵێ: خۆزگە منیش سەد سەر گورگم بوایە.
حەسودی یەکەم دەڵێ: سەد سەر گورگت بۆ چییە؟
حەسودی دووەم دەڵێ: بۆ ئەوەی مەڕەکانی تۆیان بخواردایە.

**********

مامۆستایەک هەموو رۆژێک نمرە لە قوتابییەک کەم دەکاتەوە.
رۆژێک قوتابییەکە لە مامۆستا دەپرسێ: مامۆستا بۆ هەموو رۆژێک لە نمرەکانم کەم دەکەیتەوە؟
مامۆستا دەڵێ: لە بەر ئەوەی کاتێک نووکتە دەگێرمەوە تۆ پێناکەنی.

**********

رۆژێک لە یەکێک دەپرسن بۆ بە گۆرەویەوە نووستووی؟ ئەویش دەڵێ؟
لەبەر ئەوەی دوێنێ شەو بە کەوشەوە نووستم زۆر ناخۆش بوو.

**********

مامۆستا لە قوتابییەک دەپرسێ: فەڕانسە لە ئێران نزیکترە یا تورکیە؟
قوتابی دەڵێ: لەو شوێنەی کە من لێی وەستاوم یا لە لای تۆوە.

## فێربوونی زمانی کوردی

### ئەلف و بێ

پیتێکی کوردی «ئە» یە
دەنگێکی خۆشی هەیە
«ئە» ئاڵای پێ دەنووسین
ئاڵا هێمای ئێمەیە
ئاڵاکەمان نەخشینە
لە لای ئێمە شیرینە
ئاڵا و نیشتمانمان
بیر و باوەڕ و دینە
رەسووڵ سوڵتانی



## بە دڵی خۆتان رەنگی بکەن



ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
دنیای منداڵان
mndalanykurd@yahoo.com

# چاوەڕوانی



ئێستاش لەبیریەتی کە منداڵ بوو ڕۆژێکیان بابی بە ماندوویەتی و تووڕەییەوە هاتەوە ماڵێ. ئەویش لەبەر دەرگا ڕاوەستا بوو.

وتی: بابە پرسیارێکم لێت هەیە؟

باوکی وتی: فەرموو کوڕم بپرسە بزانم چ پرسیارێکت هەیە؟ با وەلامت بدەمەوە.

کوڕەکە وتی: بابە بۆ هەر سەعاتێک کار کردن چەندە پووڵ وەردەگری؟

باوکی وتی: بۆ ئەو پرسیارە دەکەی؟

کوڕەکە وتی: هەر دەمهەوێت بزانم. ئێستا پێم بڵێ بۆ هەر سەعاتێک کار کردن چەندە پووڵ وەردەگری؟

باوکی وتی: باشە ئەگەر دەتهەوێت بزانی پێت دەڵێم. بۆ هەر سەعاتێک کارکردن ٢٠٠٠ تمەن وەردەگرم.

کوڕەکە سەری داخست و بە نارەحەتییەوە وتی: بابە گیان ١٠٠٠ تمەنم پێ دەدەی؟

بابی تووڕە بوو و وتی: ئەگەر لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارەت کرد کە ئەو پوولەم لێ وەربگریء و کەلوپەلێکی یاریی پێ بکڕی زوو بچۆ ژوورەکەت و بیر لەوە بکەوەو بزانە کە چەند منداڵێکی لەخۆڕازیت و تەنیا بیر لە خۆت دەکەیەوەو بیر لە من ناکەیەوە کە بەو ماندوویی و هیلاکییەمەوە ناتوانم کات بۆ ئەو ڕەفتارە منداڵانەیەت دابنێم.

کووڕەکە بە هێواشی چووە ژوورەکەی و دەرگاکەی داخست.

باوکی دانیشت و بە تووڕەییییەوە لەبەر خۆیەوە وتی: چۆن دەتوانێت تەنیا بۆ وەرگرتنی ئەو پوولە ئەو پرسیارە لە من بکات؟

دووای سەعاتێک پیاوەکە بیری لە خۆی کردەوەو هەستی کرد کە زۆر بە تووڕەییەوە ڕەفتاری لەگەڵ کوڕەکەی کردووە بە تایبەتی کە ئەو کوڕەی زۆر بە کەمی داوای پووڵی لێ دەکات.

بۆیە پووڵەکەی دا بە کوڕەکەی.

کوڕەکە زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی: سپاس. دەستی خستە ژێر باڵنجەکەیەوەو ١٠٠٠ تمەنی دەرهێنا.

باوکی دیسان تووڕە بوو و وتی: ئەگەر پوڵت هەبوو بۆ داوای پووڵت لە من دەکرد.

کووڕەکە وتی: بابە گیان سبەینێ سەعاتێک زووتر وەرەوە ماڵێ و من ٢٠٠٠ تمەن دەدەم بە تۆ بەڵام تۆ سەعاتێ زووتر وەرەوە ماڵێ و لەگەڵ ئێمە نان بخۆ.

**و: هانا وریا**

## بە دڵی خۆتان بمرەنگێنن





# یاو (تەب)

مندالە ئازیزەکان! ئەم کاتەتان باش دەزانن ئەم جارە باسی چی دەکەین؟ زۆر چاکە هەر ئێستا با پێکەوە بیخوێنینەوە و بزانین یاو (تەب) چییە و تا چەندە مەترسی هەیە بۆ سەر مرۆڤ؟!

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە بزانین کە یاو، نەخۆشی نییە و نیشا نە ی نە خۆ شی یە، کە واتە کەسێک کە تای لەشی چووە سەری حەتمەن شوێنێکی لەشی تووشی چڵک و هەو کردن بووە بۆیە تاکەی بەرز بۆتەوە. ئەگەر لە بیرتان بێ لە ژمارەکانی پێشوودا باسی میکرۆبمان کرد، کە چەندە مەترسیدارە و تووشی نەخۆشیمان دەکا. ئەو کاتەی کە میکرۆب چووە نێو جەستەمان ئەندامێکی لەشمان تووشی چڵک دەکاو لە ئاکامیشدا دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی تای لەش.

مندالە خۆشەویستەکان! دەزانم ئێوەش رۆژێک کە تووشی ئەو حالەتە بوون ئەوە زۆرتان سەرما بووە و بە چەندین بەتانیش گەرمتان نابێتەوە ئەوە ئەو کاتەیە کە میکرۆب چۆتە نێو لەشتان و بۆتە هۆی چڵک کردنی بەشێکی لەشتان کە واتە دەبێ زۆر گرینگی بە «تا»ی لەش بدەین و حەتمەن لە کاتی بەرز بوونەوەی دا نابێ بە هیچ شێوەیەک نەفەرەکە بە بەتانی و شتی لەو جۆرە داپۆشرێ و دەبێ بە جێگای د ا پۆ شینی بە



ئاوی شیلەتێن یان بە پەڕۆی تەڕ سەرو دەست و دەم و چاوی بۆ فێنک بکرێتەوە و یاوەکەی دابەزێ. چونکە ئەگەر کارت پێی نەبێ و پشت گوێی بخەی زۆر مەترسیدارە و تەنانەت ئەگەر زۆر بەرز بێتەوە، نەخۆشەکە تووشی گەشکە دەکا.

پلەی گەرمای لەشی مرۆڤ بە شێوەی سروشتی لە بەیانیان دا ٣٧ پلەی سەنتیگرادە و، ئێوارانیش چونکە شت دەخۆین و هەڵدەسوڕێین نیو پلە زیاد دەکا، و لەوە زیاتر بەرز بێتەوە لەشی گەرم دادێ و تووشی تاو لەرزی دەکا بە تایبەتی لە تەمەنی کەم دا، واتە بۆ ئێوەی مندال زۆر مەترسیدارە و حەتمەن بە دایک و باوکیشتان بڵێن و ئاگاداریان بکەنەوە کە چەندە مە تر سید ا ر ە و ئەگەر برا یان خۆشکە چو و کە کە تا ن پلەی گەرمای لەشی زۆر بەرز بووە زۆر بە جوانی بە ئاو فێنکی بکەنەوە و بیبەنە لای دوکتور تا دەرمانی پێ بداو زوو چاک بێتەوە.

مندالە چاو گەشەکان! ئەوە بەرەو وەرزی سەرما دەچین ئاگاتان لە خۆتان بێ کە تووشی نەخۆشی نەبن.

ئا: سید جەلال سالحی

# نەورۆزی نوێ

منداڵانی ئەو دێ یە
ئەوەتا چاومان لێ یە
شەنگ و شۆخ و ئاڵ و واڵا
دەست بە دارو بە ئاڵا
لە سەر ئەو گردە بەرزە
کە سەر بەرزەو چوار وەرزە

بە گڕی ئاگری نەورۆز
ئەڵێن جەژنتان پیرۆز
جەژنی نوێی ساڵی تازە
هەڵگری هیواو ڕازە
هیواو ڕازی زارۆکان
لە دیاربەکر لە بۆکان

لە کرماشان لە کەرکووک
شارو دێ، گەورەو بچووک
لە قامیشلی لە هەولێر
لە کوێستانان لە زەنوێر
ئازادی و سەربەستی یە
بێ سەربەستی ژیان چییە!!

**لەتیف فاتح فەرەج**

# جیاوازییەکانی نێوان ئەم وێنانە ببیننەوە





# پێنووسێکی بەکار

ئەمن پێنووسی ڕۆژینم. پێنووسێکی بەکارم. ئەگەر ڕاستییەکەتان دەوێ ئەمن ئەوەندە عاشقی کاغەزم کە هەموو ڕۆژێ وێنەی جوانی لەسەر دەکێشمەوە.

کاتێک ڕۆژین ئەمن بە دەستەوە دەگرێ، ئەوەندە خۆشحاڵ دەبم کە هەر باسی ناکرێ! لە دڵە لە خۆم دا دەڵێم ئێستا ڕۆژین نەقاشییەکی جوان یا شێعرێکی خۆشم پێ دەنووسێ.

هێندێک جار کە هاوڕێکانی ڕۆژین بێ تاقەت دەبن. ڕۆژین دارێکی گەورەو چەند گوڵی جوان و چۆمێکی پڕ لە ئاو یان دڵێکی جوانیان بۆ دەکێشێتەوە، بەڕاستی لەو کاتە دا لە دڵەوە خۆشحاڵ دەبم.

زۆرترین دڵخۆشی من ئەو کاتانەیە کە ڕۆژین بیر دەکاتەوەو ئەمن بەسەر کاغەزەکە دا دێنێ و وشەیەک دەنووسێ و پاکی دەکاتەوە دیسان وشەیەک دەنووسێ و پاکی دەکاتەوە ئەوەندە ئەو کارە دووبارە دەکاتەوە تاکوو ڕستەیەکی جوان دەنووسێ.

ئێوە نازانن چەندە دڵخۆشم کاتێک منداڵێک ئەمن بە دەستەوە دەگرێ و وانەکانی قوتابخانەی پێ دەنووسێ؟.

کاتێک کە ڕۆژین هێدی هێدی ئەمن لە سەر کاغەز دەجووڵێنێ دەزانم ئەوە بیرو هۆشی لەلای یەک دادەنێ تاکوو وێنەیەکی جوان لەسەر کاغەز بکێشێتەوە ئەی خوایە ئەمن چەندە هەست بە گەورەیی دەکەم!.

ڕاوەستە بزانم ئەوە چ ڕوو دەدا؟ ڕۆژین تکایە ئەو خەتە جوانانە پاک مەکەوە!

«پێنووسە جوانەکەم ئاخر بۆ تێناگەی ئەگەر دایکم ئەو خەتانە لە نێو دەفتەری بیرکارییەکەم دا ببینێ توورە دەبێ و دەڵێ ئاخر کچەکەم بۆ تۆ دەفتەری وێنەت نییە کە ئاوا



دەکەی لەو دەفتەرە»!؟

ئەمڕۆ بەیانی ڕۆژین نووکی ئەمن و خۆشک و براکانمی بە قەڵەم تراش تیژ کردو بە ڕێک و پێکی لە جێی خۆی خستینەوە.

ئەی گیان ئەمڕۆ لە قوتابخانە وێنەمان هەیە.

ڕۆژین داوا لە من خوشک و براکانم دەکا کە لە کاتی وێنە کێشان دا بە باشی یارمەتی بدەین.

ئێمەش بەڵێنی پێ دەدەین هەرچی پێی خۆش بوو بۆی بکێشینەوە، بەڵام دەبێ ئەویش بەڵێن بدا لە کاتی ڕەنگ کردن دا نوکی ئێمە بە توندی فشار نەدا.

ڕۆژین بە باشی لە خەمی من و خوشک و براکانم دایە کاتێک وانەکانی تەواو دەبێ لە دڵی خۆی دا دەڵێ « پێنووسە خۆشەویستەکانم ئێستا دەبێ ئێوەش پشوو بدەن چونکە زۆرم ماندوو کردوون.

ڕۆژین لەو منداڵە بێ نەزم و بێ تەربیەتانە نییە کە ئازارمان بداو لە بەینمان بەرێ. لەوەی کە پێنووسی ئەوم زۆر خۆشحاڵم.

**و: دایکی نارین**



# ئایا دەزانن؟



ئایا دەزان ؟

کە جاوینی زەنجەفیل دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ژانی ددان.



ئایا دەزانن ؟

کە خواردنی نەعنا دەبێتە هۆی لە ناوچوونی نزگەرە و تەنگی هەناسە.





ئایا دەزانن ؟

کە خواردنی زەیتوون دەبێتە هۆی چالاکتر بوونی مێشک.



ئایا دەزانن ؟

کە قەل و دارکۆنکەرە و هەڵۆ زیرکترین باڵندەکانن.





ئایا دەزانن ؟

ئەگەر ماسی سوور لە ژوورێکی تاریک دابنرێت کەم کەم رەنگی سپی دەبێتەوە.





ئایا دەزانن ؟

کە قووڵترین گۆلی جیهان، گۆلی (بایکاڵ)ە کە ١٩٤٠ میتر قووڵە.

# پۆپە سوور

ڕۆژێ بوو ڕۆژێ نەبوو، مریشکێکی سپی هەبوو، لە کۆخێک دا لە سەر هێلکەکانی هەڵنیشتبوو و ماوەی ٢١ ڕۆژان هیچ کەسێکی نەدەدواند.

ڕۆژی بیست و یەکەم کە خۆر دای لە سەرسەران و کۆخەکەی ڕووناک کردەوە، مریشکە سپی هەستی کرد شتێک لە ژێری دا ئەجوڵێتەوە، سەیری کرد جوجەڵەیەکی خنجیلانە بوو، جریوە جریوی دەکرد و دەیگووت: خوایە گیان ئێرە کوێیە، من چی دەکەم لێرە؟ مریشکە سپی گووتی: جوجەڵەی خۆم ئێرە دنیایە و من دایکتم. ئاگاداریت لێدەکەم و خواردنت بۆ پەیدا دەکەم. لەبەر ئەوەی یەکەم جووجەڵەی منی و سەری دەنوکت سوورە، ناوت لێدەنێم پۆپەسوور. پۆپە سوور زۆر شادمان بوو. لەلای دایکی یاری دەکرد، کە جوجەڵەکانی دیکەش لە هێلکە هاتنە دەر. پۆپە سوور چوو بۆلایان و ئەوەی دەیزانی پێی گووتن و پاشان لە گەڵیان کەوتە یاری کردن. جار جارەش لە گەڵ دایکیان دەچوون بۆ پەیدا کردنی خواردن. ڕۆژێک پشیلەیەکی ڕەشی ناشیرن چاوی لە پۆپەسوور بوو کە بەتەنیا یاری دەکرد. پشیلەکە لێی نزیک بۆوە و گووتی: تۆ ناوت چییە؟ ئەویش گووتی: من ناوم پۆپەسوورە ئەی تۆ ناوت چییە؟ من ناوم مامە پشەیە، گۆرانی و یاری خۆش دەزانم، دەتهەوێ فێرت بکەم؟ پۆپەسوور تەماشایەکی ددان و نینۆکە تیژەکانی مامە پشە دەکات و ئەترسێ. لەو کاتەش دا دایکی و جوجەڵەکانی دیکە لە ناو کۆخەکەدا نوستبوون بۆیە نەی دەتوانی ئاگاداریان بکاتەوە. بیر



دەکاتەوە و دەڵێ وا باشە بۆخۆم خۆم ڕزگار بکەم. بۆیە بیر دەکاتەوە و دەڵێ: مامە پشە من یاریەک دەزانم سەرەتا ئەو یارییە دەکەین پاشان من لە گەڵت دێم و دەڕۆیین. مامە پشە بیر دەکاتەوە و دەڵێ ئێستا زۆرم لێ دوورە وا باشە یاریەکەی لە گەڵ بکەم و لە کاتی یارییەکە دا بیخۆم. بۆیە مامە پشە دەڵێ: یارییەکەت چیە با دەست پێبکەیین. پۆپەسوور دەڵێ: یاری چاوشارکێ دەکەین. تۆ چاوی خۆت بگرەو تا دە بژمێرە، منیش خۆم دەشارمەوەو تۆش بمبینەوە. مامە پشە سەر بە دیوارەوە دەنێ و دەست پێ دەکات : یەک، دوو، سێ،...........

لەم کاتەدا پۆپەسوور بە پەلە دەچێتەوە نێو کۆخەکە لە بن باڵی دایکی دا خۆی دەشارێتەوە. دایکی کە دەیبینێ دەڵێ پۆپە سوور لە کوێ بووی، بۆ بەتەنیا چوویتە دەرەوە. پۆپەسوور کە لە ترسان دەلەرزی جووجەڵەکانی دیکەی بانگ کردوو تەواوی ڕووداوەکەی بۆ گێرانەوەو بەڵێنی بە دایکی دا کە چیتر بەتەنیا لە ماڵ دوور نەکەوێتەوە. پۆپەسوور بۆی دەرکەوت کە کە بەتەنیا ڕۆیشتن ئازایەتی نییە و پێویستە هەموو بەیەکەوە بن و لە یەک دانەبڕێن.

مامە پشە کە زانی فێڵی لێکراوە بەشەرمەزاری لەو شوێنە دوور کەوتەوە.

**ن: حەقبین**

# ئایا دەزانی گالیلە کێ بوو؟

گالیلۆ(گالیلە) زانایەکی ئیتالیایی بوو کە لە ساڵی ١٦٠٩ (سەدەی حەڤدەهەم) تلیسکۆپی دروست کردو بەکاری هێنا بۆ ڕوانین و لێکۆڵینەوەی ئەستێرەکان. گالیلە لە سەرەتا دا دەستی کرد بە خوێندنی پزیشکی، بەڵام هۆگری بیرکاری و فیزیا بوو و خوێندنەکەی خۆی گۆڕی. گالیلە بۆ ماوەیەکی درێژ مامۆستای زانکۆکانی (پیزا) و (پادوا) بوو. گالیلە یەکەم کەس بوو کە بۆی دەرکەوت ڕووی مانگ تەخت نییە، بەڵکو پڕە لە هەورازو نشێو. هەروەها لە کانوونی دوەمی ساڵی ١٦١٠ ی زایینی هەر سێ مانگی مشتەری دۆزیەوە. گالیلە لەساڵی ١٦٣٢ کتێبێکی بە ناوی «گفتوگۆ» ی لە بابەت دوو هەسارەی گەورەی گەردون نووسی و هەر لەو کتێبەشدا پشتگیری «کۆپرنیکۆس» ی کرد. گالیلە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە



ئاکامدا بۆی دەرکەوت کە کۆپرنیکۆس ڕاستی دەگوت: زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. زەوی چەقی گەردون نییە، قەشەکانیش لەهەڵە دا بوون. قەشەکانی کەنیسەش لەو قسەیەی گالیلۆ تورە بوون، بەڵام لە ساڵی ١٨٢٢، سەدوهەشتا ساڵ دوای مردنی گالیلۆ کەنیسە ڕای خۆی گۆڕی و ڕاستی بیروڕای قسەکانی گالیلەی بۆ دەرکەوت و وەری گرت.

**و:ترێ بۆکانی**

# دەرمانی چاو

ڕۆژێک پیاوێکی دەوڵەمەند دەبێ، ئەو پیاوە دەوڵەمەندە چاوی دێشێ و شەوانە لەبەر ئازاری چاوەکانی خەوی لێ ناکەوێ. بۆ چارەسەری ئازاری چاوەکانی هەموو جۆرە دەرمانێک تاقی دەکاتەوە بەڵام هیچ سوودێکی نابێ.

ئەو پیاوە لە چاکبوونەوەی چاوەکانی نائومێد دەبێ، تا ڕۆژێک بە هەڵکەوت ڕێگای دەکەوێتە گوندێکی چکۆڵە و لەوێ سەردانی پزیشکی ئەو گوندە دەکا. ئەو پزیشکە دوای پشکنینی چاوەکانی پێی دەڵێ کە تا ماوەیەک جگە لە رەنگی شین نابێ چاو لە هیچ رەنگێکی دیکە بکا.

کابرای دەوڵەمەند دوای گەڕانەوەی لەو گوندە بە کارەکەرەکانی ماڵەکەی وت کە تەواوی ماڵەکەی بە رەنگی شین داپۆشن، هەروەها هەموو کەرەستەکانی ماڵەوە بگۆڕن و بیکەن بە رەنگی شین، تەنانەت جل و بەرگی هەموو ئەندامانی ماڵەکەش کرا بە رەنگی شین و هەر شتێک کە لەو ماڵە وەبەر چاو دەکەوت رەنگی شین بوو.



دوای ماوەیەک چاوی ئەو پیاوە چاک دەبێتەوە بڕیار دەدا کە پزیشکەکە بانگهێشت بکا بۆ ماڵەکەی و دەست خۆشی لێ بکا. پزیشک کاتێک دەچێتە ماڵی ئەو پیاوە جلی قاوەیی لەبەر دادەبێ، دەزانێ کە دەبێ ئەویش جلەکانی بگۆڕێ و جلی شین لەبەر بکا. بۆیە یەک دەست جلی شینی بۆ دێنن. دوایی گۆڕینی جلەکانی دەچێتە لای پیاوەکە دادەنیشێ و لێ دەپرسێ کە چاوی چاکبۆتەوە؟ پیاوەکەش زۆری سوپاس دەکا و دەڵێ کە چاوم چاک بۆتەوە بەڵام ئەوە گرانترین دەرمان بووە کە تا ئێستا بەکارم هێناوە.

پزیشکیش بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ نەخێر بە پێچەوانە ئەوە هەرزانترین دەرمانە کە تا ئێستا نووسیومە، تۆ دەتوانی بۆ عیلاجی چاوەکانت تەنیا چاویلکەیەک بکڕی کە شیشەکانی شین بێ و پێویست نەبوو کە ئەو هەموو خەرجە بکەی.

**و: دایکی پەیام**

---

## مام ڕێوی و کەروێشکە خان

ڕۆژێک مام ڕێوی چاوی بەکەروێشکە خان کەوت کە لەگەڵ بەچکەکەیدا لەسەر بەرزایەک وەستابوون.

مام ڕێوی وتی: هەواڵە تازەکەت نەبیستووە؟

کەروێشکە خان بەسەر سووڕمانەوە وتی: نا کام هەواڵ؟

مام ڕێوی وتی: هەموو ئاژەڵەکان پێکەوە بڕیاریان داوە کە ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ جەژنی ئاشتیو پێکەوەژیان بگێڕن، بۆیە واباشە بێیتە خوارەوەو ئێمەش وەک دوو هاوڕێ پێکەوە قسەبکەین.



کەروێشکە خان لەفێڵەکەی مام ڕێوی تێگەشتو زانی ئەوانەی دەیانڵێت ڕاست نییە، هەربۆیە هەستایە سەر پێی بەوردی سەیری ناو دارستانەکەی کرد.

مام ڕێوی وتی: ئەوە سەیری چی دەکەی؟

کەروێشکە خان وتی: هیچ نییە، سەیری ئەو دوو سەگە دەکەم کە بەرەو ئێرەوە دێن.

مام ڕێوی کە گوێی لەمە بوو ڕایکرد.

کەروێشکە خان وتی: مەگەر تۆ نەتوت ئەمڕۆ ڕۆژی ئاشتییەو هەموو ئاژەڵەکان جەژن دەگێڕن، بۆچی ڕادەکەی؟

مام ڕێوی وتی: بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام دڵنیام نەوەک ئەو دوو سەگە ئەو هەواڵەیان نەبیستبێ!

سەرچاوە: گۆڤاری نم نم

# وڵاتەکەمان بناسین

## «ئەودانان»

ئەودانان یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلامی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ١٦٤ کیلۆمیتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئیلام. لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیایی یەوە ئەودانان لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی دەرەشار و لە باشوورو ڕۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی دیلۆران و لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ پارێزگای خوزستان سنووری هاوبەشی هەیە.

شارستانی ئەودانان لە سێ بەخشی: سەرەو، کەلات و مەرکەزی ئەودانان پێک هاتووە.


قەڵای گوندی «پشت قەڵا»

بە پێی ئامارەکان شارستانی ئەودانان نزیک بە ٤٨٠٠٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە، کە هەموو خەڵکەکەی موسڵمانی شیعە مەزهەبن، نزیک بە ٩٠٪ خەڵکەکەی بە زاراوەی شیرینی کەلهوڕی قسە دەکەن و ١٠٪ دیکەشی بە زاراوەی لەکی ولوڕی قسە دەکەن.

پێشتر ناوی ئەودانان «سەرەو»، واتە «سەرئاو» بووە کە ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لەم دەڤەرە کانی و سەرچاوەی ئاوی زۆر هەبووە.

شارستانی ئەودانان دەکەوێتە نێوان دوو شاخی «کێڤیر» واتە کبیرکوە و دینار کوێ. بەخشی مەرکەزی ئەودانان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای «کێڤیر». ئەودانان بە هۆی نزیکبوونی لە شاخەکانی «کێڤیر» و «دینار کوێ» وە هەروەها نزیک بوونی لە چۆمەکانی «سەرەو» و «وەرگەڕ» ئاوو


گۆلی دووانەی سیەگەو

هەوایەکی خۆشی هەیە. زۆربەی خەڵکی شارستانی ئەودانان بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری یەوە سەرقاڵن، لە زەوی یە کشتوکاڵییەکانی ئەم دەڤەرە ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاو دانەوێڵەی گەنم و جۆو برنج و نۆک و نیسک بەرهەم دەهێنرێت. هەروەها ئەودانانیش وەک زۆربەی شارستانەکانی دیکەی ئیلام خاوەن سەرچاوەی نەوتی زۆرە.

گەڵێک ئاسەواری کۆن و شوێنەواری مێژوویی و سرووشتی جوان و دەگمەن لەم ناوچەیە بوونیان هەیە وەک: قەڵای «هەزار دەرگا»، قەڵای «گوندی پشت قەڵا»، شاری مێژوویی «گورگێور» شاری مێژوویی «کورەودوێت»، شاری مێژوویی «جوولیان»، ئەشکەوتی «مژارە»، گۆلی دووانەی «سیەگەو»، سەراوی ئەودانان، چۆمی «کێڤیر»، چۆمی «دوێرج» و لێرەوارو دارستانەکانی دینار کوێ و گەلێک شوێنەواری سرووشتی جوانی دیکە لەم دەڤەرە بوونی هەیەکە، جوانی یەکی کەم وێنەی بەم ناوچەیە بەخشیوە.

**ئا: کانی وایان**

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



پرۆژە و پرۆڤە



ئەوین و هیوا حەسەن زادە



ستایش



سروشت رەشیدی



ئایلین سەقزی



سەروین فەتاحی



پەیام مامەندی